حکومەتی عێراق وەڵامی سزاکانی ئەمریکا دەداتەوە و پێکهێنانی لیژنەیەک بە پێداچوونەوە بە هەڵکارەکان ڕادەگەیەنێت

حکومەتی عێراق وەڵامی سزاکانی ئەمریکا دایەوە و پێکهێنانی لیژنەیەک بە پێداچوونەوە بە هەڵکارەکان ڕاگەیاند.

باسم عەوادی وتەبێژی فەرمی حکومەتی عێراق لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کوتووە بەاویکرەوە،حکومەتی عێراق جخت لەوە دەکاتەوە کە سەروەری یاسا و جێبەجێکردنی ئەو بناغەیە کە دەوڵەتی عێراق لەسەری کاردەکات لە هەموو لایەنەکانی کارەکانیدا، ئەمە جگە لەوەی پابەندە بەو پەیماننامە و هەکەوتنە نودەوڵەتییانەی کە عێراق واژەی لەسەر کردووە، و پابەندە بە جێبەجێکردنی لەسەر بنەمای ئەندامەتی کارا لە کەمەگەی نودەوڵەتی و یاسا و هەکار کارپێکراوەکانی.

وتیشی حکومەت لە نزیکەوە بەدواداچوون بە بڕیارەکانی ئەم دوایییەی گەنجینەی ئەمریکا دەکات سەبارەت بە سپاندنی سزاکانی ئەمریکا بەسەر کەمپانیای ئەندازیاری گشتی و هەندێک قەوارەی دیکە، بە بیانووی ئەوەی کە پێیوەندییان بەو لایەنانەوە هەیە کە کەوتوونەتە ژێر هەکاری یاسایی ئەمریکاوە.

هوونیشیکردوە حکومەتی عێراق ئەم کارە تاکلایەنە بە زێر بە داخ و ناتەبا دەزانێت لەگەڵ هەحی

دەستایەتی و ڕەزگرتنی یەکتر کە لە مێژە تایبەتمەندی پێیوەندییە دوو قەیییەکانی نێوان هەردوو وڵات بووە ناگونجێت، هەروەها وەرگرتنی بڕیارێکی لەو شێوەیە بەبێ ڕاوێژکاری یان گفتوگۆی پێشوەختە، پێشینەیەکی نەرێنی بە ڕەبازی مامەڵەکردن لە نێوان وڵاتانی هاوپێیماندا دادەنێت، عێراق داوا لە هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانی دەکات کە لە پێشنگییان ویلاتە یەکگرتووەکان، هاوکار بن لە ئاوگەڵی زانیاری تەکنیکی و بانکیدا، بەتایبەتی لەگەڵ پرسی چاکسازیی هەمەلایەنەی پەکهاتەیی سیستەمی بانکی و دارایی عێراق کە ئێم حکومەتە تەواوی کردووە.

ئاماژەی بەوەشدا سەرەکی ئەنجومەنی وەزیران فەرمانی پەکهەنانی لیژنەیەکی باڵای نیشتیمانی کرد، لە نوێنەرانی وەزارەتی دارایی و دەستەی باڵای وردبینی و دەستەی دەستپاکی و بانکی ناوەندی پێکبێت، بە پەداچوونەوە بە دەسیە پێیوەندیدارەکە و ڕاپۆرت و ڕاسپاردەکانی لە ماوەی (30) ڕۆژدا پێشکەش بکات، لەوانەش ڕەوشوەنی یاسایی و کارگەڵی پێویست.

وتیشی هەروەها سودانی جەختی لە بەرپرسیارەتی دەوڵەت کردەوە لە پاراستنی کارمەندانی مەدەنی و پەڕژە گرنگەکانی پێیوەست بەو کەمپانیایانە، بە دەستبەرکردنی بەردەوامیی خزمەتگوزارییەکان بەبێ پەککەوتن و دەنیابوون لەوەی کە هەر ڕەوشوەنێکی چاکسازی کاریگەری لەسەر مافی هاووڵاتیان یان کارمەندانی ناپێیوەندیدار بەو چالاکییانەی کە لە ژێر چاودێریدان نەبێت.

هەروەها حکوومەت جەخت دەکاتەوە کە عێراق هەر چالاکییەکی ئابوری یان دارایی ڕەت دەکاتەوە کە لە چوارچێوەی یاسایی نیشتمانی لابدات یان بە دابینکردنی دارایی گرووپە چەکدارەکان یان بە مەبەستێک کە ناکەکی لەگەڵ بەرژەوەندی باڵای گەلەکەمان بقەزرێتەوە و بە ڕەکارە ڕوونەکانی بەردەوام بە دەستبەرکردنی پاراستنی سامانی گشتی و ڕەگریکردن لە مامەڵەکردنی هەر لایەنێک لە دەرەوەی سیستەمی دەوڵەت، بەبێ قبوەکردنی هیچ ڕاسپاردە و دەستوردانێک لە کاروباری ناوخەدا.

لەکەتایی پەیامەکەیدا وتی حکومەت بە ئامانجی پتەوکردنی ڕەبازی چاکسازیی دامەزراوەیی و ئابووری و پاڵپشتیکردن لە بنیاتنانی متمانە لەنێوان هاووڵاتیان و دەوڵەت و چەسپاندنی چەمکی بنیاتنانی دامەزراوە نیشتمانییەکانی دەوڵەت بەدواداچوون بە ئەو تەمەتانە ئەنجام دەدات، هەروەها پابەندبوونی خۆی بە بەدواداچوونی پەڕژە نیشتمانییەکەی و گەیشتن بە گەشەپەدانی دادپەروەرانە و دابینکردنی ژینگەیەکی ئابووری ڕوون و دەستی وەبەرهێنان و خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی عێراق و گەلەکەی و پاراستنی پێیوەندی هاوسەنگ لەگەڵ هەموو هاوبەشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا دووپاتدەکاتەوە.